# داکۆکییکردن له پۆل برێمەر سووکایەتییە بە مرۆڤایەتیی!

خەتاب سابیر

٢٢ – ٠٦- ٢٠٠٧

ئەمە دەستەواژەی دۆستێکە، رەخنە لە وتارێکی من دەگرێ کە داکۆکییم لە پۆل برێمەر ، لە بەرامبەر نیر رۆسندا کردووە. هەروەها چەندین دۆست و نووسەری تریش بەپەژارەوە نووسیویانە ، نەدەبوو داکۆکیی لە پۆل بریمەر بکەم!.

گرفتی سەرەکیی کورد لەوەدایە، کە نەهێزی خۆی دەناسێ و نە بەرامبەرەکانیشی بەدۆست و دوژمنەوە بەوردیی دەخوێنێتەوە. ئێمەی کورد هێشتا لەسەردەمی گۆترەو هۆقەبازییداین و هەمیشەش بەقەرز لە دوژمنەکانمان دەترسین و بەقەرزیش دۆستایەتی لەگەڵ لایەنگرەکانمدا دەکەین. ئەوە جودا لەوەی هەمیشە بە سۆزەوە ( emotional ) لەگەڵ پێشهاتە سیاسیی و کۆمەڵاتیی و کولتوورییەکاندا هەڵسوکەوت دەکەین.

ئەو بابەتەی لەسەر نیر رۆسن نووسیتم ، لەراستییدا ناردم بۆ واشینگتۆنپۆست، بەڵام چونکە ئەو رۆژنامەیە هێڵێکی پانی داناوە بۆخۆی لە ئێستادا لەگەڵ رای گشتی ئەمێریکادایە دژی شەڕی عێراقە، دژی هەموو ئەو دەموچاوانەشە کە بەشداریی شەڕیان کرد. واشینگتۆنپۆستیش مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە لە دژایەتی کردنی سیاسەتی کۆنسێرڤەتیڤەکاندا. ئەوانەی لەرۆژئاوا دادەنیشن و سەروکاریان لەگەڵ رۆژنامەوانییدا هەیە، بەئاشکرا هەست دەکەن، زۆربەی رۆژنامەکانی رۆژئاوا وێرای بانگەوازی سەربەخۆیی خۆیان، بەڵام زۆرینەیان لە رێڕەوی پارتێکی سیاسییەوە نزیکن. تەنانەت رادیۆکان و TVیەکانیش، بەر ئەم پۆلێنکردنە دەکەون.

پێتان سەیر نەبێ ئەگەر بڵێم هەمان وتار، ئەگەر کەسێکی نەخوێندەواری سەرکردایەتی ینک و پدک بیاننارادایە بۆ واشینگتۆنپۆست، بۆیان بڵاودەکردەوە. ئیتر ناو و دەسەڵات و جێگەورێگەو پلەوپایە لەهەموو دنیادا رۆڵی هەیە. بەهەرحاڵ، واشینگتۆنپۆست پاش (Edit) کردنی بەئارەزووی خۆیان، سەرئەنجام گوتیان ( Chief Editor ) دەڵی ئەو نووسینە پروپاگەندە بۆ شەڕی عێراق دەکات. بۆیە ببوورە بڵاوی ناکەینەوە.

دواتر ناردم بۆ ژۆرناڵێکی ئیلکترونیی ئوسترالیی ، ئەوانیش پاش دەستکارییکردن ئەوسا بڵاویان کردەوە. تەنانەت بەئارەزووی خۆشیان سەردێرەکەیان گۆڕیی. سەردێرەکەی " کێ هەڵە بوو لە عێراقدا؟ – "Who was wrong in Iraq? کردیان بە " عێراقی یەکگرتوو خەونێکی نەکرانە" . ئەوە جیا لە گۆڕینی چەندین دەستەواژە و لابردنی هەندێکی تر. سەیرکەن بەسەردێری ناوەکەش هەستیارییان هەیە! چونکە نایەنەوێ ئەم کۆنسێپتە بکەوێتە ژێر پرسیارەوە کە لابردنی رژێمی سەدام حوسێن کارێکی هەڵە بوو!

بۆ نموونە ، بەدەق نووسیبووم " برێمەر ئایکۆنی گەندەڵیی بوو لەعێراقدا و بەشێکی زۆر لە کێشە هەڵپەسێردراوەکان، بەتایبەت چارەسەنەکردن و درێژکردنەوەی گەڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان، لەگەردنی برێمەر دەناسرێ". ئەوان هاتبوون هەموو ئەمانەیان لێ لادابوو، تەنها لەم رستەیەوە دایاننابوو "سەرەڕای هەر رەخنەیەک کە رووبەڕووی پۆل

بڕێمەر دەبێتەوە، ئەو بڕیارانەی ئەو دای بۆ هەڵوەشاندنەوەی حیزبی بەعس و سوپای عێراق، دوو بڕیاری دروست بوون" .

تەکنیکی نووسین لەوەدایە، بتوانی بەکەمترین رستە، زۆرترین واتاو داتا تەخشان بکەیت. ئەم پیشەسازییە لای نووسەری کورد زۆر لاوازە. من هاتووم قسەم لەسەر دوو بڕیاری برێمەر کردووە، ئێستاش دووبارەی دەکەمەوەو دەڵێم دەستی خۆش بێت، بەهەڵوەشاندنەوەی سوپای عێراق و حیزبی بەعس، من نەهاتووم داکۆکیی لە سیاسەت و هەڵسوکەوتەکانی برێمەر،لەو دزیی و پاشاگەردانییەی ئەو ئاوەکەی رۆکرد بکەم. رۆسنیش هاتووە لێرەوە قسە لەسەر مەسەلەکە دەکات و سوپای عێراق و حیزبی بەعس بە دوو دەزگای میللیی و نەتەوەیی ئەژمارد دەکات!. سەیری ئەم درۆ گەورەیەی رۆسن بکەن. گرفتەکە لەوەدایە خەڵکی رۆژئاوا ئەمە دەچێ بە گوێیاندا، نەک ئەوەی زۆرینەی رەهای عێراقییەکان بە شیعەو کوردەوە، تەنانەت هەندێ لەسوننەکانیش، سوپای عێراق بەلایانەوە،سوپای مەرگ و ئەنفال و بوو، سوپای باوەکوشتەیان بوو.

ئەوەمان لەبیر نەچێت، لەمیدیای رۆژئاوادا، چۆن پیتەر گالبرێس ( Peter Galbraith ) بە پرۆ-کورد ناسراوە، بەڵام بەهەمان ئەندازە ( نیر رۆسن Nir Rosen ) بە پرۆ-عەرەب و پرۆ-ئیسلام و ئەنتی هێجەمۆنیی ئەمێریکا نەناسراوە. لەکاتێکدا ئەم کابرایە، لەسوننەکانی عێراق سوننە ترە، لە عەمروموسا عەرەبییانەتر بیر دەکاتەوە. هەموو ئەمانەش لەژێر ئەکادیمیستبوون و توێژینەوەی سیاسییدا بەئەنجام دەگەیەنێت. ئەمڕۆش عەرەب نەوت و پارەی هەیە و توانیویەتی کەم تا زۆر شەڕەقۆچ لەگەڵ لۆبیی جوولەکەشدا بکات و هەندێ ئەجێندای خۆی بسەپێنێ.

رۆشنبیرانی عەرەب، سیاسییەکانی عەرەب، دەسەڵاتدارانی عەرەب و بێپاکانی شۆڤێنیزمی عەرەبیی ئەوەندەی بە مەسەلەی کەرکوکەوە قەڵسن و رقیان لە دۆزی سیاسیی کوردە، ئەوەندە بەکێشەی فەڵەستین و ئیسرائیلەوە قەڵس نین. جا بیهێنە بەرچاوی خۆت، ئەم پیاوە شەریفانە کاتێ لەگەڵ رۆژئاواییەکان دادەنیشن، چۆن بۆ کوردو کێشە سیاسییەکەی تێدەگوشن. تەنانەت تا رادەیەکی بەرچاویش ریپۆرتەکەی بەیکەر-هامیلتن، ئەم نیگەرانییانەی شۆڤینیزمی عەرەبیی ، لەچەشنی هەڵوەشاندنەوەی سوپای عێراق و حیزبی بەعس و بەرمیلە بارووتەکەی! کەرکوک....تاد، لەخۆگرتبوو.

بەکوردییە خۆماڵییەکەی خۆمان، وێنەی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی عێراق چەند ناشیرینە لە رۆژئاوادا، بەڵام سەرەڕای ئەوەی لەسەر خاکی عێراق چیی دەگوزەرێ، لە شەڕی نەتەوەکان و ئەسنیکەکان ( ئەتنیکەکان) و گرووپە جیاواز جیاوازەکاندا چیی روودەدات. زۆربەی دیسکۆرسی جیهانیی هێشتا پێییانوایە کە دەکرێ عێراق بهێنرێتەوە سەر پێی خۆی و ئارام بکرێتەوەو درێژە بە گیانی نەگریسی خۆی بدات. ئەمە ئەرکی ئەکادیمیستان و رۆشنبیران و نووسەران و ژۆرناڵیستانی کوردە، کێشەی کوردستان لە کێشەیەکی لۆکاڵیزمەوە بکەن بە کێشەیەکی نێودەوڵەتیی و کاری لەسەر بکرێ. ئەگینا تا خەڵک لەبری ئێمە بیر بکاتەوە ، بارودۆخمان لەمە باشتر نابێ. ئەمەش بەتەنها بە زمانی شیرینی کوردیی و زمانی عەرەبیی (زمانی خودا) نابێ. ئەمە بەزمانەکانی رۆژئاوا دەبێت. کاتی ئەوە هاتووە هەرکەسەو بەپێی توانای خۆی سەرە داوێک بگرێ و لە رۆژئاوادا کار لەسەر جیابوونەوەی کوردستان و هەڵوەشاندنەوەی عێراقی ترس و تیرۆر، عێراقی گۆرستانی شارستانییەکان بکرێ.